# ڕێكەوتننامەی پیرمام، هەوڵێك بۆ لكاندنەوەی كوردستان بەدەوڵەتی عەرەبی وئیسلامی عێراقی ئیستاوە!

عبدالله مەحمود
abdulla_m64@hotmail.com

سەرەتای ئەم مانگە هەردوو سەركردایەتی یەكیتی و پارتی ڕێكەوتنامەیەكی میژووی!!تریان مۆركرد. بەپێیئەم رێكەوتنامەیە هەردوولا بەیەك لست بەشداری هەڵبژاردنی سەراسەری عیراق‌وكوردستان دەكەن. داواش ئەكەن حزب ولایەنەسیاسیەكان و خەڵكی كوردستان لەو پرۆسە چارەنووسسازەدا" هەڵبژاردن"! ەدا چالاكانە بەشداری بكەن.

دیارە چ لەوە باشتر نیە ئەحزابی سیاسی سەرباری هەر ناكۆكیەكی فكری سیاسی و بەرنامەیی ...تاد, رێز لەبیروبۆچونی یەكتری بگرن شێوازی متەمەدینانە بۆ یەكلاكردنەوەی كێشمەكێشەكانیان بگرنە بەر، بەڵام بەداخەوە و لەمێژووی سیاسی ئەحزابی ئەم گۆی زەویەدا، هیچ حزب و لایەنێكی سیاسی هێندەی پارتی یەكێتی ڕێكەوتنامەی مێژوویان ئیمزا نەكردووە، هاوكات لەمێژووی ئەم گۆی زەویەشدا كەم ئەحزاب هەبوون هێندەی یەكیتی وپارتی بەزنجیرە جەولەی شەری ناوخۆیان تۆماركردبێت، هەموو جەولەكانی شەریش دوای ریكەوتنامە مێژوویەكانیان!!چەغماخەیان داوە.

یەكیتی‌وپارتی هەروەكو چۆن كێشمەكیش‌وشەرەكانیان لەسەر بەرژەوندیەكانی خەڵكی كوردستان نەبووە، ڕێكەوتنە میژوویە!! یەك لەدوای یەكەكانیشیان بۆیەك جاریش لەسەر خواستی خەڵكی كوردستان و ئیرادەی ئەوان نەبووە. ڕێكەوتنامەكانی پاریس و دبلن،ئەنقەرەو واشنتۆن،پەرلەمان و پیرمام و دوكان .......هەموویان لەژێرگوشاری ئیران،توركیا،ئەمریكاو بەدوور لەچاوی خەڵكی كوردستان ....مۆركراون.

رێكەوتنامەی ئەمجارەی نێوانیشیان بەشێكە هەر لەم پرۆسەیە،و نەك هیچ پەیوەندیەكی بە بەرژەوەندیەكانی خەڵكی عێراق كوردستانەوە نی یە،بەڵكە راستەوخۆ لەدژی خەڵكی عیراق وكوردستان و ئیرادەیانە.

دەڵێن هەڵبژاردن لەعێراقدا چارەنووسازە بەمەبەستی گێرانەوەی سەروەری بۆعیراق و پێكهیانی عێراقێكی دیموكراتی،دەڵێن بۆخەڵكی كوردستان نیعمەتێكی پربەهایە و كورد ئیتر نابێتەوە بە پلەدوو، نوێنەری لەپەرلەمان و حكومەتدا دەبێت، لەیاسای بەرێوەبردنی عیراقدا خێروبەرەكەتی عێراقی تازە بەسەرخەڵكی كوردستاندا دەرژێت....

ئەمانە ناوەرۆكی ئەو ناراستیە میژوویانەی ریكەوتننامە میژوویەكەی!! پیرمامی ئەم جارەن.

بوونی هەلومەرجێكی ئارام و ئەمین، بوونی ئیرادەیەكی سالم، بوونی حكومەت، بوونی هێزی مۆدیرن و دیموكرات لەدەسەلات، سەرەتاییترین پێداویستی هەرهەڵبژاردنێكن. لەعیراقدا نەك ئەمانەنین، ئاسۆیەكیش بۆ فەراهەم بوونیان دیارنیە، شێواوترین هەلومەرج و لیخنترین فەزا كە نائەمنی و نائارامی بەرهەم دەهێنی یەكیك لە كوانوەسەرەكیەكانی كۆمەڵگای عێراقە، بومبابارانی هەموو رۆژە، كوشتارورفاندن، تیرۆروسەربرینی ئینسانوهەمووشتیكی جوان، تەقینەوەو وێرانكردن، سیمای كۆمەڵگای عێراقە، ئەمە هەر ئیدعای ئەوانە نیە، كە ئەم هەڵبژاردنە بەگاڵتەجاری دەزانن، ئەمە ڕاستیەكی واقعی بەلام تاڵە كەڕۆژانە هەموو میدیاكان و ژۆنالستەكان ئەیكەنە سەردێری هەواڵو گوزارشەكانیان. نەك هەرئەمە لەوەواوەتریش هەموو كەسێكی هوشیار و دلسۆز بە خواست و بەرژوەندیەكانی خەڵكی ئەو راستیە درك دەكات كە عیراق كراوەتەیەكێك لەمەیدان وجغرافیای سەرەكی بەرامبەركێی دووبەرەی ئینسان كوژوهەوسارپچراوی تیرۆریزمی كوێرانەی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی نێودولەتی ئەمریكاولایەنگرانی هەركام لەم دووبەرەیە. لەنێو بەرداشی شەروبەرامبەركێ ی ئەوانەدا تۆزقالێك لەئارامی و ئەمنیەت بۆكەس نیە.

هەروەهابۆهەرهەڵبژادنێك هەتا ئەگەر كارتۆنیش بێت ئەبێت خەڵك لەئاستێكی دیاریكراودا ئیرادەی بەڕەسمی بناسرێت، لەعیراقی ساحەی جەنگی تیرۆرستاندا، ئیرادەوخواستی خەڵك نەك هەرحسابی بۆناكرێت،بەڵكو خودی جەنگی تیرۆرستی و هێزەرەشەكانی عاملی سەرەكی وردكردنی ئیرادەی وخواستی خەڵكین،ئاخر خەڵكێك كەمانەوەی فیزكی خۆیان بۆبوبێتە ئاوات، چ ئیردەیەكیان دەمێنی،وەماوە؟

لەعیراقدا حكومەت لەكارتۆنێك زیاتر هیچی تر نیە، دەسەلات دابەشی هێزی چەك و زەبرو زۆرە، دەسەلاتی ئەم حكومەتە تائێستاكۆنترۆلی یەك شەقامی سەرەكی شارێكی خوارونارەراستی عیراقی بۆچەندرۆژ نیە و پێنەكراوە، یاساو بڕیاری ئەم حكومەتە لەهیچ شوێنێك كڕیارێكی نیە، ئەوەی كەیاسا دائەسەپێنی، بڕیاری قەرەقوشی لەهەگبەكەی دەخاتەروو، لەهەندی ناوچە شیعەی سیاسی و مەرجەعەكانی ولەهەندێك شوێن ئیسلامی سیاسی و لەهەندی شوێن بەعسیەكان و لەهەندیٚ شوێنی تر جۆریكیترە. حكومەتی عیراق هەتا نوێنەرایەتی حەقی هاولاتی بوونی بە ئیدعاش نیە، بەشداران لە حكومەتدا هەریەكە خۆی بەنوێنەری شیعە، توركمان، ئیسلام، تایفە، كوردوعەرەب و عەشایەر پێناسە ئەكەن، بەراستی حكومەتی وا لەدنیا هەیە؟

هێزەهەڵكورماو كرنۆشبەرەكانی پێكهنەری حكومەتیش كە بریارە هەڵبژاردن وەڕێبخەن، هیچكامیان هێزی پێشكەوتنخوازودیموكرات "دیموكرات بەماناباوەكەی"نین،و بەهەموو شێوەیەك دژایەتی ئەودیموكراتیەتەش ئەكەن كەهەندی جارئیدعای دەكەن، باسی جیای دین لەدەوڵەت، یەكسانی یاسایی نێوان ژن و پیاو، بەرەسمی ناسینی حەقی تاك و مافەفەردی ومەدەنیەكان، ئازادی

**سیاسی،....جێگایەکیان لەفەرهەنگی ئەم حزب و هێزانەدا نیە، وهەم مێژووی رابردویان شاهیدی ئەم راستیەیەو هەم مێژووی دوای دەسەلاتی لەگۆرنراوی بەعس شاهیدە.**

**بەهەموو ئەم هۆیانەوە باسی هەڵبژاردن جگە لەسیناریۆیەکی گاڵتەجاری ئەمریکاهیچی ترنیە، ئەوەی کەناوی نراوەهەڵبژاردن هەوڵێکی تری ئەمریکایە بۆ دەرچون لەئەزمەیەکی قوڵ کە لەعێراقدا ڕوبەڕوی بۆتەوە، هاوکات هەوڵێکە بۆ شێواندنی ڕای گشتی وبۆ ئیحتواکردنی نارەزایەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەلەبەرامبەر ملهوری ئەمریکادا هەیە.**

**تالەبانی وبارزانی وهەموو هێزەکانی تری گوێ لەمستی ئەمریکا کە بەشان وباڵی ئەم هەلبژاردنەدا هەڵدەدەن،و بنەمای کۆبونەوەی پیرامیش بوو، راستەوخۆ دژایەتی ئیرادەی خەڵکی عیراق دەکەن، بەمەبەستی قانونی کردنی دەسەلاتی ئێستاوداهاتویان.**

**تائەوجیگایەی بەهەڵبژاردن لەکوردستانیش دەگەرێتەوە، تالەبانی وبارزانی دەیانەوی لەرێگای پەیوەست بونیان بەهەڵبژاردنی سەراسەری عیراقەوە هەم نمایشی هێزی بزوتنەوەی ناسیونالستی نیشانی رەقیبەکانیان لە حکومەتی عیراقدا بدەن و هەم قانونیەت بدەن بەدەسەلاتی ئێستا وداهاتویان لەکوردستانداو روح بکەنەوە بەبەر ئەوپەرلەمانەی مردووەی فاتیحاکەی لە هۆڵی پەرلەماندا لەرێکەوتنێکی ستراتیجی بەر لەیەکەم جەولەی شەری ناوخۆیدا خوێنراو شەر لەسەر بەرین کردنەوەی قەڵەمرەوی دەسەلات بەدوایدا دەستی پێکرد.**

**بەلی تالەبانی وبارزانی ریکەوتنامەیەکی مێژوویان مۆرکرد، بەپێی ئەو رێکەوننامەیە بەیەك لست دائەبەزن، ئەمە یانی ئەوەی بەیەکەوە بریارێکی مێژووی ئەدەن، <u>بڕیاری قانونیەنیەت بەخشینەوە بە لکاندنەوەی کوردستان بەدەوڵەتی عەرەبی وئیسلامی عێراقی تازەوە، بێگویدانە ئیرادەو خواستی خەڵکی کوردستان</u>.**

**تالەبانی وبارزانی وحزبەکانیان رێکەونامەیەکی مێژوویان مۆرکردووە، رێکەوتننامەی مۆرکردنی پلەدوویی خەڵکی کوردستان، رێکەوتننامەی گێرانەوەی خەڵکی کوردستان بۆناومەرگەسات و تراژیدیا دڵتەزێنەکانی داهاتوو، کەبەهۆی پلە دوویەوە خەڵکی کوردستان گیرۆدەی دەبنەوە.**

**جگە لەوە داوا لەخەڵکی کوردستان ئەکەن چالاکانە بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق وکوردستان بکەن.**

**بەشداری لە هەڵبژاردنی سەراسەریدا بەومانایەیە دەسەلاتیان لەحکومەتی مەرکەزیدا یاسایی ئەکەن و لەکوردستانیشدا بەرگی یاسایی ئەکەن بەبەر دەسەلاتیاندا، خەڵکی کوردستانیش چی بەسەردێت نەك نابی لەبەرچاوی بگرن، بەڵکە لەجیاتی ئەوە دەبێ بەشداری دەنگدان بکەن و دەسەلاتی ئەوان پێشوازی لێبکەنوپلەدووی قبوڵبکەنەوە.ئەمە ماهیەتی رێکەوتنامەی پیرمام وپەیامەکەیانە بەمەبەستی بەشداری لەدەسەلاتی مەرکەزی و درێژەدان بەدەسەلاتیان بەسەرخەڵکی کوردستاندا.**

دیاره عیراق بەگشتی و خەڵکی کوردستانیش بەتایبەتی نەك نابێ بەشداری هەڵبژاردن بکەن‌ودەنگ بدەن، بەڵکە دەبێ وەکو گاڵتەجاریەکی مێژووی سەیری بکەن و بەهەموو شێوەیەك بەرەوڕووی بوەستنەوە، بەدیاریکراویش خەڵکی کوردستان نەك نابێ فریوی هۆقەبازی رێکەوتنامەی پیرمام بین، بەڵکو دەبێ بەهەموو شێوەیەك ماهیەتی ئەم ریکەوتنامەیە ریسوابکەن. وەنەك نابێ بەشداری هەڵبژاردنەکانی عێراق وکوردستان بکەن،بەڵکو دەبی تەحریمی بەکومەڵی بکەن و لەجێگایدا خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم بەهاتنەمەیدانی جەماوەریان بکەنە ئەمری واقیع ودایبەسەپێنە سەرکۆمەڵگای نێودەوڵەتی ودەسەڵاتی ئێستا. دەبێ بەرلەوەی هیچ هەڵبژاردنێك بکرێت چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمێکی ئازادانەدا بە دەنگدان"بەمانەوە لەگەڵ عیراق، یان جیابونەوەوپێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆی علمانی غەیرە قەومی"یەکلایی بکەنەوە. ئاخر ئەوە خەڵکی کوردستانە دەبێ بریار لەسەرچارەنووسی خۆیان بدەن وچارەنووسی هەڵبژاردەی خۆیان بەسەر ئەحزاب و لایەنەسیاسیەکاندا بسەپێنن، نەك ئەحزاب و لایەنە سیاسیەکان لە چوارچیوەی بەندو بەستی نێوان خۆیاندا و لەسەرەوە چارەنووسی خەڵکی بۆمەبەستەکانی خۆیان بەبارمتە بگرن.

2004-12-13